# پەیامێك بۆ پەنابەرانی كوردی عێراقی لە شاری یۆتۆبۆری



خەڵكی ئازادیخواز و دڵ پڕ لە هیوا

هەروەكو ئاگادارن لە كۆتایی ئەم مانگەدا هەڵبژاردنێك بەڕێوەیە، دەیانەوێ پەنجە مۆری ئێوەش بدەن لەم هەڵبژاردنە . لە ڕاستی دا ئەوەی ناوی نراوە هەڵبژاردن جگە لە سیناریۆیەكی گاڵتەجاڕی و یاری كردن بە چارەنووسی خەڵك هیچی تر نی یە . هێزەكانی لایەنگر لەم هەڵبژاردنە پێشتر لەسەر دامەزراندنی حكومەتێكی كۆنەپەرستی ئیسلامی و قەومی لە عێرا قدا بڕاونەتەوە و حزبەكانی كوردستانیش بە تایبەت یەكێتی و پارتی دەیانەوێت دوای 13 ساڵ لە دابڕانی كوردستان لە دەسەڵاتی حكومەتی مەركەزی كۆمەڵگای كوردستان بخەنەوە بەردەم دەسەڵاتێكی كۆنەپەرست و شۆفینیستی دیكە لە عێراقدا .

هەڵبژاردن لە كوردستان دا بە بێ پرس و ڕای خەڵك ( ئایا لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێننەوە یا نا ؟) ، تاوانێكی گە ورەیە و یاری كردنە بە چارەنووسیان ، گێڕانەوەی خەڵكی كوردستانە بۆ دووبارەبوونەوەی كێشە و تراژیدیاكانی ڕابردوو . ئەمە پەیامی ئەو هەڵبژاردنەیە بۆ خەڵكی كوردستان . فریوی تەبلیغاتی چەواشەكارانە و فریوكارانەی یەكێتی و پارتی مەخۆن ، بە دەستی خۆتان پەنجە مۆر لە ئاینده و چارەنووسێكی ڕەش و نادیار مەدەن . خەڵكی كوردستان بۆ ئایندەیەكی گەش دەبێ خۆی چارەنووسی خۆی لە ڕێگای ڕیفراندۆمێكی ئازادانەوە دیاری بكات.

خەڵكی ئازادیخواز

بانگەوازتان دەكەم بەشداری ئەم هەڵبژاردنە مەكەن و پووچەڵی بكەنەوە . وەرن بەرگری لە خواستی بەرپاكردنی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەی كوردستان و دامەزراندنی دەسەڵاتێكی سكۆلار لە كوردستان دا بكەن .

نورالدین فاتح

لێپرسراوی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێرا ق لە یۆتۆبۆری

2005 / 1 / 18